www.kurdistannet.org
15/02/2002 23:33

# چارەسەری کێشەی کورد لەچوارچیوەی "ستراتیژیکی عیراقی"دا

**خەسرەو سایە**
Email: k.saya@ukonline.co.uk



بەدوای پیداگری چەندین جارەی سەرانی یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر سیاسەتی گەرانەوە بۆلای رژیمی عیراق وچارەسەری کیشەی کورد، لەچوارچیوەی دەولەتی ئیستای عیراقداو هاورابوونی هەردوو لایان لەسەر ئەم مەسەلەیە، باسی بە دەستەوەگرتنی " ستراتیژی عیراقی بۆچارەسەری کیشەی کورد" ی کرد‌ۆتە یەکیك لەو دەستەواژانەی کە رۆژانە بلاوکراوەکانی وەك الاتحاد و کوردستانی نوی و برایەتی، تەعبیری لیدەکری و دەبیتە ناونیشانی سیاسەتی هاوبەشی هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لەکوردستان. بەیاننامە هاوبەشەکەی یەکیتی وپارتی کەمانگی رابردوو لەئەنقەرە بلاویانکردەوە، بەرۆشنی بناغەکان و ناوەرۆکی ئەم ستراتیژە بەیان دەکات. لیرەدا پرسیار ئەوەیە کە ناوەرۆکی ئەم ستراتیژە چیەیەو چ داهاتوویەیەك بۆ خەلکی کوردستان دەخاتە روو؟ ئایا کیشەی کورد لەچوار چیوەی ئەم ستراتیژەدا دەتوانی چارەسەربی؟ ئایا سیاسەتیك کە لەپشت سەری "ستراتیژی عیراقی"یەکەی یەکیتی وپارتیەوە راوەستاوە، دەتوانی پلەیەك بەلای ستەمگەری نەتەوایەتی کەسەرچاوەکەی رژیمی بەعسە لەسەر خەلکی کوردستانە هەلگری؟ ئایا لەراستیدا کام ستراتیژیە دەتوانی لەعیراقدا بەواقعی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کورد هەلگری؟ بەلام بەر لەوەلامی ئەم پرسیارانە باشترە لەپیشدا سەرنج لەناوەرۆك و لایەنەکانی ئەم ستراتیژبدەین:

"ستراتیژی عیراقی" سیاسەتیك بۆچارەسەری کیشەی کورد:

ئەوەی کەتائیستا لەپەیوەند بەباسی " ستراتیژی عیراقێ" بۆ چارەسەری کیشەی کورد، لەراگەیاندنەکانی یەکیتی وپارتیدا تەئکیدی لیدەکری، دیاری کردنی شیوە نیزامیکی سیاسیەیە لەعیراقدا کەدان بنیت بەو درووشمەی کە هەردوو حیزب لەپەیوەند بەمەسەلەی کوردەوە رایان گەیاندووە و ئەمەش لەبناغەوە لەسەر چەند حوکمی داسەپاو پیٚداگری دەکات. . . لەم ستراتیژەدا، پیکهینانی ئالۆگۆری دیموکراتیو دیموکراتیزە بوونی رژیمی ئیستا، بەرادەی ئەوەی کە دان بنیت بەقەوارەی فیدرالیزم لەکوردستاندا، کراوەتە ریگا چارەیەك بۆ کیشەی کورد، کەدیارە ئەمەش لەریگای گەرانەوە بۆلای رژیم و مفاوەزاتەوە هەنگاوی بۆ هەلدەگیرێ. بەلام ئەم ناوەرۆکە لە پیشەوە چەند حوکمی فەرزی راگەیاندووە، لەوانە: یەکەم، پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق، واتە داوای فیدرالیزم، نابی بەهیچ جۆریك یەکپارچەیی خاکی عیراق لەکەداربکات ولەدەرەوەی ئەم حوکمە داوابکری. دووەم، داوای فیدرالیزم، شیوەیەکە لەچارەسەری کیشەی کورد کە بەستراوەتەوە بەمەرجی پاراستنی ئەمنەیتی دەولەتانی ناوچەکەوە. . لەکەنار ئەم حوکمانەشەوە، بەلیندانی ئاشکرای یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات سەبارەت بەوەی کە درووشمی روخانی رژیم رەت دەکەنەوە و ئامادەنین بۆ بەشداری لەو نەخشانەدا کەرووی لەرووخانی ئەم رژیمەیە کراوەتە مەرجیکی پیویست بۆ دانوسان وچوونە پیشەوەی ئەم ستراتیژە لەگەل رژیمی

بەعسدا. . . لیرەدا بۆوەلامی پرسیارەکانی پیشوو هەولدەدەین لایەنەکان و ناوەرۆکی ئەم ستراتیژە لەریگای خستنە رووی چەند خالیکەوە سەرنج بدەین:

یەکەم : فیدرالیزم :

ناوەرۆکی "ستراتیژی عیراقی" بەدەست هینانی فیدرالیزمە وەك ریگاچارەیەك بۆ کیشەی کورد، بەلام ئەم داوایە ئەگەرچی لەدەورەی دوای راپەرینەوە تائیستا بۆتە یەکیك لە درووشمە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد بەلام ئەم فیدرالیزمە نە لە راگەیاندراوە ئاشکراو رەسمیەکانی یەکیتی و پارتی داو وە نە لە هیچ ئاستیکی غەیرە رەسمیدا، بەشیوەیەکی رۆشن باس لەجۆری فیدرالیزم و قەوارەو سنوری ماف و ئیختیاراتیك کە بۆ خەلکی کوردستانی پیشنیار دەکەن، نەکراوە. تەنانەت هیچ کەس نازانی ئەم فیدرالیزمە لەسەربناغەی پیکهاتی ئیداری بۆ ناوچە کوردنشینەکان و پەیوەندیان بە دەولەتی مەرکەزیەوە دامەزراوە وەیان لەسەر بناغەی وجودی قەومی و ئەسنیکی؟ بەلام ئەم فیدرالیزمە لەهەر جۆریکیان بیت پەیوەندی بە چارەسەری کیشەی کوردەوە نیەو چارەسەری ناکات، بەلکو دەیخاتە قالبیکی تری کیشەو دەعوانی نیوان بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی و عەرەبیەوە. بەتایبەتی کە کیشەی کورد کیشەی دیاری کردنی ناوچە جوگرافیەکان و شیوەی ئیدارات و پەیوەندیان بەدەولەتی مەرکەزیەوە نیە، ئەمە دەتوانری بەبی باسی فیدرالیزم و لەسیستەمیکی پیشکەوتوو ترو هاوچەرخانەدا بەدی بیت، کەزۆرترین ئازادی و دەخالەتی خەلکی تیا مسۆگەر بکری، سیستەمی حکومەتی شوراکان و دەسەلاتی کۆمۆنەکان لەرووسیاو وولاتانی ئەسکەندەناڤی نمونەی ئەم سیستەمەن و دەولەتیش لەسەر بناغەی فیدرالیزم دانەمەزراوە. هاوکات کیشەی کورد ریکخستنی دەولەتیکی مەرکەزی نیە لەسەر بناغەی قوم و ئیسنیکە جیاوازەکان، ئەمایان ئیتر داوایەکی کونەپەرستانەو تەنانەت راسیستانەیە و زەمینەکانی دوژمنایەتی قەومی و شەرو پیکدادانی نیوان خەلکی کورد زمان و عەرەب زمان رادەگری و لەتەرکیبی سوکانی ئیستای عیراقیشدا تورکمان و ئاشورو کلدانی و تەنانەت مەسیحی و ئیسلامیش بۆ کیشەکە زیاد دەکا. فیدرالیزم جگەلەوەی کە هیچ پرس و رایەکی خەلکی کوردستانی لەپشت سەرنیە هاوکات رەسمیەت دەدا بە مەوقعی هاوولاتی پلە دوویی خەلکی کورد لەچوارچیوەی دەولەتی عیراقدا و دەیانخاتەوە ژیر هەمان بریارو دەستورو یاساوە کە سەرچاوەی هەلاواردنی قەومی و ستەمیکن لەسەر خەلکی کوردستان وبەم جۆرەش پەیوەندی بە چارەسەر بوونی کیشەی کوردەوە نیە. بەلام ئەم فیدرالیزمە داواکاری ئەحزابی بۆرژوازی کوردە بۆ ریکخستنی پەیوەندی خویان لەنیو هەلومەرجە سیاسیەکانی ئیستای عیراقدا بەدەولەتی مەرکەزیەوە، بەتایبەتی داوایەکە بۆ بەرەسمیەت ناسینی حالەتی دەسەلاتە محلیەکانی ئیستای یەکیتی و پارتی و ناولینانی بە فیدرالیزم و بەم جۆرەش شیوەی هاوبەشیتی خویان بۆ دەورەیەکی چەند سالی لەدەسەلاتی مەرکەزیدا ببریننەوە. لەحالەتیکی ئاواشدا جگەلەوەی ئەم فیدرالیزمە خەلکی کوردستان لەسایەی هەمان تەقسیماتی ئەحزابی چەکدار و دەسەلاتە ناوچەییەکەیاندا دەهیلیتەوە، هاوکات بەشیوەیەکی رەسمی کوردستان دەگەرینیتەوە بۆ ژیر سایەی رژیمی عیراق و بەم جۆرەش ستەمی نەتەوایەتی و خەتەریك کە لیی دەکەویتەوە وەك خۆی رادەگری.

دووەم، ئالۆگۆری دیموکراتیلەعیراقدا:

بەوجۆرەی لە"ستراتیژی عیراقی" یەکەی یەکیتی وپارتی دا باسی لیوە دەکری، بریارە بەدیهینانیئالوگۆری دیموکراتی، لەعیراقدا چوارچیوەیەك بیت بۆ مسۆگەرکردنی داوای فیدرالیزم، بەلام ئەم ئالوگۆری دیموکراتیە لەعیراقدا دوو شیوەیی هەیە: یەکەمیان ئالوگۆریکە رژیمی بەعسی لەبەر چاوە ودووەمیشیان، لایەنەکانی ئوپۆزسیۆنی عیراقی. کەوایە با لەبارەی ئەم دوو شیوەیەوە کەمیك بدویین:

ئەم دووحیزبە رایان گەیاندووە کەخواستی رووخانی رژیمی بەعسیان نیە و تەنانەت ئامادەنین بۆ روخانی ئەم رژیمە بەشداری لە هیچ کردەوەیەکدا بکەن، بەلکو لەمەش زیاتر پیشنیاری ئەوان دیموکراتی کردنی رژیمی دیکتاتۆری بەعسە

تائاستی ئەوەی فیدرالیزم بەرەسمی دەناسینیت. لەسیناریویەکی ئاوادا و لە هەنگاوی یەکەمدا فیدرالیزم کراوەتە ریگای خۆش خەیالکردن وچاوبەستکردنی خەلکی کوردستان لەبەرامبەر رژیمی بەعسدا، رژیمیك کە سالانیکی زۆرە خوین دەریژی و سەرکوتی یەك کۆمەلگادەکات و ئیستا لەریگای ئالوگۆری دیموکراتی‌یەوە روخساری فاشیستی و ئینسان کوژی دادەپۆشری و فرسەتی ئەوەی پیدەدریت ژیان وچارەنوسی خەلکی کوردستانی بخریتەوە ژیردەست، پاشان ئاخر کی چاوەریێ ئەوە لەرژیمی بەعس دەکات کە دیموکراتی‌یەك لەخویدا بگونجینی تا فیدرالیزمەکەی پارتی و یەکیتی پیێ تەئمین بکری. ئایا لەم ئالۆگۆری‌یە دیموکراتی‌یەدا، بریارە چ هەلومەرجیکی تازە بەقازانجی خەلکی بیتەکایەوە؟ بەتایبەتی کەبریار نی‌یە ئەم ئالۆگرە دیموکراتی‌یە دەستوری وولات هەلوەشینیتەوە و لەسەربناغەی مافی هاوولاتی بوونی یەکسان بۆ هەموو خەلکی دانیشتوی عیراق نیزامیکی سیاسی نۆی پیناسە بکاتەوە، بریارنی‌یە لەدیموکراتی‌و ئالۆگۆریکی دیموکراتیانەدا کەیەکیتی وپاراتی داوای دەکەن هەموو یاسا سەرکوتگەری‌یەکان و ئیعدام زیندان و کوشتاری هەلسوراوانی سیاسی هەلوەشیتەوەو دەسەلاتیك پیناسە بکات کەلەسەر بناغەی ماف و ئازادی هاوولاتیان راوەستابی. ئایا ئالوگۆری دیموکراسی بەمانەوەی رژیمی بەعسەوە دەتوانی دەستی هیرشی سەربازی و سیاسەتی تەرحیل و تەبعیس و ژیر پینانی ژیانی مەدەنی خەلکی کوردستان کۆتایی پیبهینیێ؟ خەلکی کوردستان تەجروبەی زیاتر لە ۳۰ سالیان لەگەل رژیمی بەعسدا هەیەو باش ناوەرۆکە فاشیستی و دژی خەلکی‌یەکەی دەناسن، ئەم رژیمە چ لەبەرگی ئیستای‌داو چ لەدوای ئالوگۆری دیموکراتی‌یەکەی یەکیتی وپارتی سەرچاوەی ستەمی نەتەوایەتی‌یەو تا لەسەر کابیت، مەسەلەی کورد و داخوازی‌یەکانی خەلکی کوردستان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وەك خوی دەهیلیتەوە. بەلام ئەوەی کەلیرەدا جیگای ئاماژە پیکردنە لە ئالوگۆری دیموکراتی‌دا، ئەوەیە کە یەکیتی وپارتی بەپیچەوانەی ئیرادەو خواستی خەلکی کوردستانەوە، ئامادەن لەژیر پەردەی دیموکراسی‌دا ببنە هیزی هاوکاری بۆ مانەوە ی رژیمی بەعس، و پاشان گیرانەوەی خەلکی کوردستان بۆ ژیر دەسەلاتەکەی. . .

بەلام زۆر جار باسی فیدرالیزم لەنیو عیراقیکی دیموکراتی‌دا دەبەستریتەوە بەلایەنەکانی ئۆزسیۆنی عیراقی‌یەوە، گوایە بەدوای هاتنەسەر کاری ئەم ئوپۆزسیۆنە، دیموکراتی و فیرالیزم دەستەبەردەبیت. لیرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەو هیزانە کین ئومیدی دیموکراسی و فیدرالیزمیان پیوە گریێ دەدراوە؟ دەستەو تاقمی ئیسلامی ! جەماعاتی نیو ئای ئین سی و ئەوانەی کەلەنیو ریزەکانی رژیمەوە هەلهاتووز ! وەفیق سامارایی و خەزرەجی‌یەکان ! سوپاو ئەفسەرانی کاربەدەستی. . . ! ئەمانە کەخویان هیزی سەرکوت گەرو دژی دیموکراتین و بەشیکی زۆریان دەستیان هەیە لە کارنامەی کۆمەل کوژی و شەر هەلگیرساندن بۆسەر خەلکی کوردستان، چون دەتوانری ئومیدی دابینکردنی رژیمیکی دیموکراتیان لیێرەچاو بکریێ، تائەوەی کەسبەی گەیشتنە دەسەلات فیدرالیزم بۆ "کورد بەرەسمی بناسن.

بەلام ئەوەی لەباسی ئالوگۆری دیموکراتی‌یەکەی یەکیتی وپارتی‌دا جیگای مەبەستە تەنها پلورالیزمیکی سیاسی‌یە کەئەحزابی جۆراوجۆری قەومی عەرەبی و کوردی و دەستەو تاقمی ئیسلامی و سەرۆك عەشیرەتەکان و نوینەرانی گروپە ئینسکی‌یەکان و ئەفسەرانی سوپا و تاقمی مخابەراتی ئەمریکایی لەپیکهاتوویەکدا بەناوی پەرلمانەوە کۆبکاتەوە ونەهیچی تر، گۆایە ئەمە شیوەی نوێی دیموکراسی‌یەو نوسخەی فۆتوکراوی هەمان دیموکراسی‌یە کەئیستا لەکوردستاندا بەزۆری چەك و لەسەر بناغەی خیرو صدەقەی یوئین کارو باری خەلکی بەریوە دەبات. بەجیالەوەی ئەم سیناریویە چەندە شانسی بەدیهاتنی هەیە، بەجیالەوەی کە چەندە دەتوانری لەپەرلەمانیکدا ئیسلامی و شیوعی، مخابراتی ئەمریکایی و دەستەو تاقمی سەربەوولاتانی ناوچەکە، سەرانی سوپاو سەروکی خیلەکان، لەگەل پاشماوەکانی رژیمی‌بەعسدا کۆبکاتەوەو رازی بن بەوەی کەلەیەك کاسەی بەمجۆرەی دیموکراسی بخۆن، سیناریۆیەکی ئاوا نەبارودوخی ناوچەکە شانسی لەدایك بوونی پیدەداو وە نەدەتوانی پەرلمانیك لەخۆی هەلپیکێ کە چارەنووسەکەی لەوپەرلمانە باشتربیت کە یەکیتی وپارتی پیکیان هینا. نمونەی تیکەلەیەکی ئاوا لە ئۆپۆزسیۆنی عیراقی کە ئومیدی ئالوگۆری دیموکراتی پیوە گری دەدریت، نمونەیەکە

کەتیایدا کیشەو دەعوای قەوم و قەبیلەو مەزهەبەکان وەك خوی کۆدەکاتەوە و لەگەل هەر تیکچوونیکی تەوزانی نیوانیاندا، شەرو پیکدادانی قەومی و ناوچەیی لیدەکەویتەوە. لەحالەتیکی ئاواشدا ئیحتمالی هیرش بۆ سەر کوردستان و سەرکوتی خەلکەکەی دەکاتە مەسەلەی رۆژ. بەم جۆرە باسی فیدرالیزم و دیموکراتی لەستراتیژە عیراقیەکەی یەکیتی وپارتیدا، نەچارەی کیشەی کورد دەکاو نەگۆرانکارییەك بەقازانجی خەلکی کوردستان دینیتەکایەوە. بەلکو ئەوەی لەم ستراتیژەدا لەبەر چاو گیراوە، تەنها پاراستنی دەسەلاتە ناوچەییەکانی یەکیتی وپارتیە و ریکخستنی پەیوەندی نیوان ئەمانەیە بەدەسەلاتی مەرکەزیەوە.

سیهەم، یەکپارچەیی خاکی عیراق، پاراستنی ئەمنیەتی وولاتانی ناوچەکە:

بەلیندان بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق وەك بنامایەك بۆ ستراتیژیکی عیراقی، تەسلیم بوونی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانیەتی بەسیاسەتیکی شوفینیستی کە ناسیونالیزمی بەعس هەلگریەتی. لەپشت ئەم دروشمەوە میژوویی سەرهەلدانی ستەمی نەتەوایەتی و کوشتارو هەموو ئەو شەر وتاوانانە وەستاوە، کە تائیستا بەسەدان هەزار کەسی لەخەلکی کوردستان کردۆتە قوربانی خۆی. یەکپارچەیی خاکی عیراق و پیرۆز راگرتنی ئەم درووشمە سالانیکی زۆرە بەدەستی رژیمی بەعسەوە بەکاردەبریت بۆ برەودان بە شۆفینیزمی قەومیو بەکەم راگرتنی خەلکی کوردزمان و غەیرە عەرەب و توندکردنەوەی دوژمنایەتی نەتەوایەتی لەنیوان دانیشتوانی عیراقدا، هاوکات ئەم دروشمە ئامرازی سەرکوتی خەلکی کوردستان بووە و هەرجۆرە داوایەکی رەواو عادیلانەی ئەوانی پێ رەتکراوەتەوە، تەنانەت لەژیر سایەی ئەم دروشمەدا خەلکی کوردستان مافی بریاردانی چارەنووسی خۆیان بەمانەوە، وەیا جیابوونەوە لە چوارچیوەی عیراقدا لێ زەوت دەکری. یەکیتی وپارتی کەملیان بەم دروشمە داوە بەرۆشنی پایەکانی ئەم شوفینیزمەو ئەو دوژمنایەتیە قومیە لەنیوان خەلکی عیراقدا دەهیلنەوەو هاوکات بەسادەیی دژایەتی لەگەل مافی خەلکی کوردستان بەجیابوونەوە و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی خویان دەکەن و ئەوان وەك نوینەری ناسیونال فاشیستی بەعس ئەرکی سەرکوتکردنی ئەو هیز و لایەنە دەگرنە ئەستۆ کەلەنیو خەلکی کوردستانەوە داوای مافی جیابوونەوە بەرزدەکەنەوە.

بەلام لەبارەی پاراستی ئەمنیەتی وولاتانی ناوچەکە، کەوەك مەرجیك دیاری کراوە بۆبەدیهینانی ستراتیژی عیراقیەکەی یەکیتی وپارتی، بەرۆشنی سیاسەتی تەسلیمکردنی ئایندەی کوردستان وگری دانەوەیەتی بەقازانجی وولاتانی سەرکوتگەری وەك تورکیاو ئیرانەوە. ئەم وولاتانە کەلە ١١ سالی رابردوودا، خویان سەرچاوە وهۆی نا ئەمنی بوونی کوردستان و لەشکرکیشی بۆن بۆ سەر خەلکەکەی، ئیستا بەلینیان پێ دەدری ئەمنیەتیان پاریزراوبیت، ئەمەش بەرهەمی ئەو سیاسەتەیە کەیەکیتی وپارتی لەتەمەنی خویاندا رەچاویان کردووە، یانی سیاسەتی خۆبەستنەوە بە بەرژەوەندی وولاتانی ناوچەکەوە و ماناکردنی چارە سەری کیشەی کورد بەپیٚی بەرژەوەندی وولاتانی ناوچکە، سیاسەتیك کە لەرابردوودا چەندین جار "ئاشبەتال" و بەفیرۆدانی خەباتی خەلکی کوردستانی لیکەوتۆتەوە. لەکاتیکدا مەسەلەی کورد وچارەسەرەکەی هیچ رەبتیکی بەئەمنیەتی ئەم وولاتانەوە نیە، بەلام لیرەدا بەلیندانی یەکیتی وپارتی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی وولاتانی ناوچەکە راستەخۆ ئەو ئاکامە دەداتە دەست کە ئەوان حازرن کیشەی کورد هیندە بهیننە خوارەوە کەبەشیك بیت لە سیستەمی ئەمنیەتی وولاتانی ناوچەکەو شەری حیزب و لایەنە کوردیەکان و خەلکی کوردی پارچەکانی تری کوردستانی پی بکەن و دریژە بدەن بە سیاسەتی پیش لەشکری کردن بۆ وولاتانی ناوچەکەو کیشانی شەر بۆ ناوخۆی کوردستان. . . . ئەمانە بەگشتی ئەو راستیە دەسەلمینن کە بەلیندانی پارتی ویەکیتی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق و ئەمنیەتی وولاتانی ناوچەکە، گەرەکیانە کیشەی کورد لەچوارچیوەی بەرژەوەندی رژیمی بەعس و وولاتانی ناوچەکەوە چارەسەری بۆ بخەنەروو، لەکاتیکدا ئەم دەولەتانە خولقینەرو پاریزەری مانەوەی ستەمی نەتەوایەتین بەسەر خەلکی کوردەوە. . ئەمەش

گۆشەیەکی بچووکە لەسیاسەت و شیوەی مامەلەکردنی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی بەکیشەی کوردەوە، کەلیرەدا دەچینەسەری. .

کیشەی کورد و مامەلەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد :

لەباری میژووییەوە سەرەتاکانی کیشەی کورد لەعیراقدا دەگەریتەوە بۆ پیکهاتنی دەولەتی عیراق و بەزۆر پیکەو لکاندنی پارچەیەك لەو جوگرافیایەی کە خەلکی کورد لەسەری دەژیان، ئەمەش وەك بەرئەنجامیك بۆ سیاسەتی دامەزراندنی پشتینەی سەوزی ئەمنی لەبەرامبەر روسیای سۆڤیەتیدا بوو، کەلەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەلایەن بەریتانیاو وولاتانی تری ئەورووپاوە گیرایەبەر.

رووخانی رژیمی پاشایەتی و هاتنەکایەوەی رژیمی کۆماری و گرتنی دەسەلات لەلایەن ئەحزابی ناسیونالیستی عەرەبییەوە، ئەم کیشەیە پیی نایە قۆناغیکی خویناوی بەربلاوەوە. پیناسەکردنی دەولەتی عیراق لەلایەن بۆرژوا ناسیونالیستی عەرەبییەوە، بەدەولەتیکی قومی عەربی وبەشیك لە"نەتەوەی عەرەب" ئۆتۆماتیکی مافی هاوولاتی یەکسانی بۆ خەلکی کورد لەعیراقدا سەندەوەو ئەوانی وەك هاوولاتی پلە دوو لەماف و ئیختیاراتدا پیناسەکرد. هاوکات پەلاماردانی خەلکی کوردستان و بەری خستنی سیاسەتی کۆمەل کوژی، ئیعدام و زیندان، لەشکرکیشی و کۆچی ئیجباری وسەرکوتی خۆیناوی بەردەوام، ناوەرۆکی سیاسەتیکی فاشیستی بووە کە رژیمی بەعس بەدریژایی ٣٠ سالی رابردوو لەبەرامبەر خەلکی کوردستاندا بەریوەی بردووە وبەم جۆرەش ئەم رژیمە دەوری سەرەکی هەبووە لە قولکردنەوەو برەو پیدانی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کوردستان. هەربۆیە دەکری بلیین کە کیشەی کورد وەك کیشەیەکی سیاسی لەلایەن رژیمە مەرکەزییەکانی عیراق بەگشتی و رژیمی بەعسەوە بەتایبەتی خۆلقاوە. بەلام ئەم کیشەیە بەدوای سەرهەلدان و پەیدابوونی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد گۆردرابە برینیکی سیاسی بیچارە لەسەر جەستەی کۆمەلگای عیراق، بەتایبەتی کە ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی بەدریژایی ٥٠ سالی رابردوو کیشەی کوردیان وەك کیشەو دەعوایەك بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بەناوی خەلکی کوردستانەوە لەبەرامبەر دەولەتی مەرکەزیدا بەدەستەوە گرتووە. ئەم حیزبانە وەك ئەحزابی بزووتنەوەی چینە داراکانی کورد و بۆرژوازی کورد، هەمیشە خۆیان وەك بزوتنەوە و هیزی چارەسەری ئەم کیشەیە و راوەستانەوە بەرووی دەولەتی مەرکەزیدا پیناسە کردووەو هەرداواو دروشمیکیش کەلەقازانجی خۆیاندا بووبیت بەناوی "داواکاری میللەتی کورد" و "مافە نەتەوەییەکان"ەوە زهنی خەلکی کوردستانیان پیلەقالب داوە.

ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کوردستان لەلایەن دەولەتی مەرکەزی و رژیمە بۆرژوا ناسیونالیستەکانیەوە بەهۆی کوردبوونیانەوە خراوەتەری، بەلام ئەوە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بووە کە ئەم ستەم و چەوسانەوەیەی گۆریوە بەکیشەیەکی سیاسی بیچارە و سەرچاوەیەك بۆ شەرو سازدانی بزوتنەوەی چەکداری لەبەرامبەر رژیمی مەرکەزیدا. مامەمەلەی ئەم بزوتنەوەیەو حیزبەکانی لە رابردوودا نیشانی داوە کەئەمانە نەویستویانەو نەدەیانەویت چارەسەریکی سیاسی و عادیلانە بۆ کیشەی کورد بخەنەروو وەخەلکی کوردستان و ناوچەکەش لەم شەرو رقەبەرایەتییە قومییە نەجات بدەن، بەلکو بەپیچەوانەوە ستەمی نەتەوایەتی بۆئەوان سەرمایەیەکی سیاسی بووە بۆ برانەوەی دەسەلات و وەرگرتنی ئیمتیازات و پیناسەکردنی ئاستیك لەهاوبەشیتی لەدەسەلاتدا، تا لەم ریگایەوە بەشداری خویان لەبردنی رەنجی کریکاران و زەحمەتکیشانی خەلکی کوردستاندا مسۆگەربکەن. تەنانەت ئەم بزوتنەوەیە وحیزبەکانی لەچەشنی یەکیتی نیشتمانی وپارتی دیموکراتی کوردستان، داواو خواستەکانی خەلکی کوردستانیان بۆچارەسەری کیشەکەیان هەمیشە لەروانگەی ویست و سیاسەتەکانی ئەمریکاو غەرب و وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە ماناکردووە، و لە هەردەورە زەمانەشدا بەرژەوەندی بۆرژوازی کورد و ئەم دەولەتانە خواستبیتی ئەوان بەوجۆرە مامەلەیان لەگەل کردووەو لەژیرناوی "ستراتیژی کورد"دا سیاسەتیان بۆ دارشتووەو وهەرجارەش دروشمیکیان بۆداتاشیوە، بەبی ئەوەی کە پرسورای خەلکیان لەسەری وەرگرتبی،

دروشمەکانی دەسەلاتی لامەرکەزی و محلی، ئوتۆنۆمی و فیدرالیزم. . بەرهەمی ئەم شیوە مامەلەیەی ناسونالیزمی کوردە کە میژوویەکیان هەیەو بەبێ ئەوەی خەلکی کوردستانیان هەنگاویك لەچارەسەری کیشەکەیان نزیك خستبیتەوە. ئەمەلەکاتیکدایە چارەسەری کیشەی کورد نەپیویستی بەستراتیژ دانان دەکاو نەئەم میژووە دورودریژەی لە قوربانی دانی دەویت بەمەرجیك ئەم کیشەیە وەك گرفتیکی سیاسی ولەریگای گەرانەوە بۆ ئارای خەلکی کوردستان خویان، ریگاچارەی دروست و عادلانەی بۆ پیشنیار بکری. . . تەنانەت خەلکی کوردستان لەرابردوداو بەتایبەتی لەدوای راپەرینی ئازاری ٩١ وە فرسەتی جیهانی و ناوخۆیی لەبارو گونجاویان بۆ هەلکەوتووە تا بتوانن کیشەکەیان چارەسەر بکەن، بەلام ئەوە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردبووە کەئەم فرسەتانەیان بەشکست وبیئاکام کیشاوەو خەبات و چاوەروانیەکانی خەلکیان تەسلیم بەسیاسەت و بەرژەوەندی خویان و دەولەتانی سەرکوت گەری ناوچەکەو ئەمریکا کردووە. حالەتی ئیستای کوردستان کەبەکردەوە سەربەخۆیە لەرژیمی بەعس وفرسەتی گونجاوی داوە بەدەستەوە تا کاربکری بۆئەوەی خەلکی کوردستان ئیرادەبگرن بۆ ممارەسەکردنی بریاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان و بەهرەمەندبوون لەدەولەت و کۆمەلگایەکی مەدەنی کە هەم خەتەری گەرانەوەی رژیمی بەعس کوتایی پیێ بینی و هەم کۆمەلگایەکی ئارام و ئاسایش بۆخەلکەکەی فەراهەمم ببیت، کەچی ئەم حیزبانە بەپیچەوانەی ئەم حالەتانەوە، وبەمەبەستی گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانی خویان شەری ناوخۆو شەری کوردی بەشەکانی تری کوردستان و هەبپاکردن بۆ گەرانەوە بۆلای رژیم و سویند خوارد بەیەکپارچەیی خاکی عیراق و سیاسەتی پشت کردن لەخەلکی ئازادیخوازی دنیاو ناوچەکەیان هەلبژاردووە و تاهاتووە وەزعی سەرگەردانی و مالویرانی زیاتریان کردۆتە نەسیبی خەلکی کوردستان، چاوەروان راگرتنی کۆمەلگایەکی چوارملیونی بەدیار ئەم سیاسەتانە نەك هەرفرسەتی رزگاری خەلکی کوردستانیان لەستەمی نەتەوایەتی کویر کردۆتەوە، بەلکو تادیت کیشەی کورد دەباتە نیو معادەلاتیکی سیاسی چەوت و بیچارەوە. بەم جۆرەش دەکری بلیین کە باسی چارەسەری کیشەی کورد لەروانگەی "ستراتیژی عیراقی" یەوە دریژبوونەوەی هەمان ئەم شیوە مامەلەیەیە کەئەحزابی ناسیونالیستی کورد، لەم هەلومەرجە تازانەی ناوچەکەو دنیادا بەپیێ بەرژەوەندی بۆرژوازی کورد و چینە داراکانی کۆمەل پەنای بۆ بردووە، ئەم ستراتیژە بەوشیوەیەی کەباسمان کرد ناتوانیت ریگایەك بیت بۆ چارەسەری کیشەو ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کوردستان.

کام "ستراتیژی عیراقی" کیشەی کورد چارەسەر دەکات؟

ئەمە پرسیاریکە و بووار بەوە دەدات کە بەپچەوانەی سیاسەت و ستراتیژیك کە ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی وەك یەکیتی وپارتی بەدەستیانەوە گرتووە بۆچارەسەری کیشەی کورد، ریگایەکی عادلانە و کارسازتر بۆ کۆتایی هینان بەستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کوردستان بخاتە روو. ئەم ریگایە کاتیك دەتوانی بگیریتەبەر، کەقازانج و بەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستان وەك بناغەی هەر هەلویستیکی سیاسی لەچارەسەری کیشەی کورددا سەرنجی بۆبدریێ و هاوکات ریزدانان بۆ رای گشتی خەلکی کوردستان و گەرانەوە بۆ مافی بریاردانی ئەوان لەسەر چارەنوسی خۆیان بەمەبدەئیکی بنەرەتیە لەم کیشەیەدا دابنریێ، بەجۆریك کە ئەم مافە پەیوەند نەدریتەوە بەشەرت و شروتی وەك "یەکیتی خاکی عیراق" و "پاراستنی ئەمنیەتی وولاتانی ناوچەکە" و"ئالوگۆری دیموکراتی"و شتیلەم بابەتەوە. کیشەی کورد لەعیراقدا ریگایەکی تری لەبەرەو دەبی دوست و هاوپەیمانیتی خۆی لەنیو خەلکی کریکارو زەحمەتکیشی ئیران و تورکیاو عیراقدا پەیدا بکات و لەدائیرەی سیاسەت و بەرژەوەندی وولاتانی ناوچەکە دەربکیشریت و خۆی کریبداتەوە بەبەری ئینسانی ورادیکالی دنیاوەو لەوان هیزی پشتیوانی وەربگری. ئەم کیشەیە بەسادەیی لەپەیوەند بەدەولەتی مەرکەزی عیراقەوە قابیلی چارە سەرە، بەمەرجیك خەبات بۆ رووخانی سەرتاپای رژیمی بەعس و پیکهینانی دەولەتیکی سکولاری نەقەومی و نە مەزهەبی لەشوینیدا بیتەکایەوە، ئەم حکومەتە کە لەسەر بناغەی مافی هاو وولاتی بوونی یەکسان بۆ هەموو

خەلکی عیراق بەبی جیاوازی زمان و رەگەزیان بەرەسمی دامەزراوە و ماف وئازادیەیەکان دەکاتە بناغەیەك بۆ پیناسەو ریکخستنی پەیوەندی نیوان هەموو هاوولاتیان، راستەخۆ مافی بریاردانی چارەنووس لەدەستی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەردینی و دەیداتەوە بەخودی خەلکی کوردستان، کە بەهۆیەوە بتوانن لەریفراندۆمیکی ئازادانەدا بریاربدەن کە ئایا بەمافی هاوولاتی بوونی یەکسانەوە لەعیراقدا دەمیننەوە وەیا جیادەبنەوە و دەولەتیکی سەربەخۆ بۆخۆیان پیك دینن، وبەم جۆرەش کیشەی کورد بۆ هەتاهەتایە ریگاچارەی خۆی دەگریتەبەر و ئیتر کۆتایی بەو زولم و چەوسانەوەیە دینی کەبەهۆی کوردبوونەوە هاتۆتە سەر خەلکی کوردستان. بەلام بەدیهاتنی ئەم ریگاچارەیەو ئەم ئاسۆیە بەئیرادە گرتن وخەباتی سەربەخۆی خەلکی کوردستان وحیزبە سیاسیەیەکانەوە گریۆی خواردووە، بۆئەمەش خۆجیاکردنەوەی خەلکی کوردستان لەسیاسەت وئامانجەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد و تورهەلدانی خورافەی ناسیونالیزم و نەتەوەپەرستی هەنگاوی یەکەمە. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بۆچارەسەری کیشەی کورد و کۆتایی هینان بەزولم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و هەرجۆرە بی مافییەك کەبەسەر خەلکی کوردستانەوەیە بۆ ئەم ئایندەیە و بەکردەوە دەرهینانی ئەم ریگاچارەیە لەعیراقدا خەبات دەکات.